# کەی هەناردەکردنی نەوت بۆ بەندەری جەیهان دەستپێدەکاتەوە؟

02-10-2023

**نووسەرەکان**

مەحموود بابان

**کورتە :** ئیستا رۆژانە و بەتێکڕا لە 13 کێڵگەی نەوت و کێڵگەی گازی کۆرمۆر کە نەوتی کۆندینسەیت لەگەڵ گاز بەرهەمدەهێنرێت، ئاستی بەرهەمهێنان گەیشتووەتە نزیکەی 220 هەزار بەرمیل نەوتی رۆژانە، کە هەناردەی پاڵاوگە نیوخۆییەکان دەکرێت و لەنێوخۆدا دەفرۆشرێت.

## بەرایی

نێوەڕاستی مانگی ڕابردوو گفتوگۆ و هاتووچۆی زۆر لەنێوان لایەنە تەکنییەکانی هەولێر - بەغدا ـ ئەنقەرە هەبوو بۆ گەیشتنە ڕێککەوتن و هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان لەڕێگەی بەندەری جەیهانەوە. هەر لەو ڕۆژانەدا، کۆبوونەوەی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان و کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوت IOC بەڕێوەچووە و تێدا داواکراوە لە کۆمپانیاکان ئامادەکاری بۆ هەناردەکردنەوەی نەوت لەڕێگەی بۆری جەیهانەوە بکەن، هەربۆیەش لەم ڕۆژانەدا کارمەندی تەکنیک کاری کۆمپانیاکان بانگهێشتکراونەتەوە. هەرچەندە کات و ڕۆژ دیارینەکراوە، بەڵام بەپێی گفتوگۆکان بووبێت، زۆرناخایەنێت کە نەوت هەنارده دەکرێتەوە.

ئەم گفتوگۆیانەش لەدوای گوتەکانی محەممەد شیاع سوودانی لەنیویۆرک (20-9-2023) هات کە ئاماژەی بەوەکرد " کە ئامادەیە بۆ خێرا هەناردەکردنەوەی نەوت و جیاکردنەوەی کەیسە یاساییە بەردەوامەکانی نێوان عێراق و تورکیا لە بابەتی هەناردەکردنەوەی نەوت."

ئیستا ڕۆژانە و بەتێکڕا لە 13 کێڵگەی نەوت و کێڵگەی گازی کۆرمۆر کە نەوتی کۆندینسەیت لەگەڵ گاز بەرهەمدەهێنرێت، ئاستی بەرهەمهێنان گەیشتووەتە نزیکەی 220 هەزار بەرمیل نەوتی ڕۆژانە، کە هەناردەی پاڵاوگە نیوخۆییەکان دەکرێت و لەنێوخۆدا دەفرۆشرێت.

بەپێی زانیارییەکان، لە کۆبوونەوە تەکنیکییەکان و کۆبوونەوەکانی دیکەی نێوان لایەنە جیاوازەکانی پێشەسازی نەوتی هەرێمی کوردستاندا، هەموو ئاڕاستەی گفتوگۆکان بەرەو کردنەوەی قوفڵی بۆری هەناردەکردنی نەوت بووە لەڕێگەی بۆری جەیهانەوە، بەڵام دوو پرسی سەرەکی لە پەیوەست بە هەناردەکردنەوەی نەوت لەئارادایە، یەکەمیان ئەوەیە کە ئایا کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان بەو بڕەی عێراق وەک خەرجی بەرهەمهێنان بۆی دیاریکردوون ڕازی دەبن یان نا؟ دووەمیشیان لایەنە تەکنیکییەکانە کە بەهۆی ئەوەی کێڵگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان بە سرووشتی نەوتەکە سەرناکەوێت و پێویستی بە ترۆمپایە (پەمپ) بۆ دەرهێنان، ئەوا بەلایەنی کەمەوە، دووبارە بەرهەمهێنانی نەوت پێویستی بە یەک تاوەکو سێ هەفتە دەبێت.

لێرەدا هەڵوەستەیەک لەسەر ئەگەرەکانی هەناردەکردنەوی نەوت و ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لە کێڵگە نەوتییەکان بۆ نێوخۆ دەکەین و سەرنجی سەرەکی لەسەر ئەو پرسیارە دەبێت کە بۆچی پێویستە هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان لەڕێگەی بۆری جەیهانەوە دەستپێبکاتەوە؟

## کەی هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان دەستپێدەکاتەوە ؟

دوای زیادبوونی ناکۆکییەکان لەسەر پشکی هەرێمی کوردستان لە یاسای بودجەی 2023ی عێراق و چارەسەرکردنی بەشێوەی قەرز لەلایەن محەممەد شیاع سوودانییەوە پێش سەفەرەکەی بۆ نیویۆرک و گەیشتنی 500 ملیار لەو 700 ملیارەی کە بۆ مانگانە دانراوە، دانوستاندنی چڕی سێ لایەنی تەکنیکیی کۆمپانیای سۆمۆ، بۆتاشی تورکی و سامانە سرووشتییەکان لەنێوەڕاستەکانی ئەیلوولی 2023دا بەڕێوەچوو.

بەپێی زانیارییەکان لە کۆبوونەوە تەکنیکییەکەی نێوان ئەو سێ لایەنە دا بابەتی سەرەکی گفتوگۆکان "کرێی بۆری گواستنەوە، بڕ و کوالیتی نەوتی هەناردەکراو، کەمترین بڕی هەناردەکردن، هەناردەکردنی نەوتی ئەمبارکراو لەگەڵ پابەندییەکانی هەردوو لایەن بۆ هەناردەکردنەوەی نەوت بووە."

هەروەها، ئالپ ئارسڵان بایراکتار، وەزیری وزە و سەرچاوە سرووشتییەکانی تورکیا لەکاتی دانوستاندنەکانی هەر سێ لایەنەدا گوتی "کێشە تەکنیکییەکانی بۆری نەوتی کوردستان-جەیهان چارەسەر کراون و بەمنزیکانە، بۆرییەکە بۆ هەناردەکردنەوەی نەوت ئامادە دەبێت."

زیاتر لە شەش مانگ و شەش ڕۆژە هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان و کەرکوک لەڕێگەی بەندەری جەیهانەوە ڕاگیراوە، کە ڕۆژ بە ڕۆژ زیانەکانی بۆ هەموو لایەنەکانی نێو ئەم پرۆسەیە زیادی کردووە، بەشێوەیەک کە ئەو بڕەی ڕۆژانە لەو بۆرییەوە هەناردەکراوە، بەتێکڕای نرخی نەوتی عێراق دەگاتە سەرووی 7 ملیار دۆلار و بە نرخی نەوتی برێنت دەگاتە سەرووی 7.3 ملیار دۆلار و وەکو ئەو بڕەشی لە بودجەی 2023ی عێراقدا هاتووە، دەگاتە 6.3 ملیار دۆلار، کە ئەم بڕەش بەهەرشێوەیەک بێت زیانە بۆ هەر سێ لایەنەکە پێکەوە.

خشتەی 1: خەمڵێنراوی زیانەکانی ڕاگرتنی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان و کەرکوک لە بەندەری جەیهان لەماوەی 6 مانگ و 6

ڕۆژ دا (25ی ئادار 2023 بۆ 1ی تشرینی یەکەمی 2023)

| زیانەکان | کێڵگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان دۆلار | کێڵگە نەوتییەکانی کەرکوک/ دۆلار | کێڵگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان و کەرکوک/ دۆلار |
|---|---|---|---|
| کۆی زیانەکان بەپێی نرخی نەوتی هەناردەکراوی عێراق | $5,810,852,110.00 | $1,227,001,878.33 | $7,037,853,988.33 |
| کۆی زیانەکان بەپێی نرخی برێنت | $6,088,099,450.00 | $1,285,544,584.37 | $7,373,644,034.37 |
| کۆی زیانەکان بەپێی نرخی بودجەی 2023ی عێراق | $5,225,850,000.00 | $1,103,474,610.00 | $6,329,324,610.00 |

تێبینی 1: بۆ نەوتی هەرێمی کوردستان، بەپێی راگەیاندراوی کۆمپانیای دی ئین ئۆ، رۆژێک پێش راگرتنی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان لەڕێگەی بەندەری جەیهانەوە بەتێکرا 395 هەزار بەرمیل هەناردەکراوە.


2 :بۆ نەوتی کەرکوک، لەسەر تێکڕای مانگی یەک و دوو و 25 رۆژی مانگی ئادار 2023 ئامادەکراوە، کە تێکڕای هەناردەکردن لەمانگی یەک 79 هەزار و 895، لەمانگی دوو 101 هەزار و 228 بەرمیل و لە مانگی ئادار 69 هەزار و 99 بەرمیل نەوت بووە، کە لە رێگەی بەندەری جەیهانەوە هەناردەی بازاڕەکانی جیهان کراوە.

## ئاستی بەرهەمهێنان لە کێڵگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان چەندە ؟

لە هەرێمی کوردستان لەکۆی 57 کێڵگە و بلۆکی نەوتی، تەنیا لە 13 کێڵگەی نەوت و یەک کێڵگەی گازیدا بەرهەمهێنانی نەوتی کراوە، یاخود پێش بەستنەوەی قوفڵی بۆری هەناردەکردنی نەوت لەرێگەی جیهانەوە تێیاندا نەوت بەرهەمدەهات. بەپێی بەدواداچوونەوەکان وەکو لە وێنەی 1دا هاتووە، لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان، 13 کێڵگەی نەوتی و 1 کێڵگەی گازی، کە ئێستا تەنیا لە 9 کێڵگە بەرهەمهێنانی نەوت بە کەمترین ستاف و بەرهەمهێنانی نەوت بۆ نیوخۆ کار دەکەن.

خاڵێکی سەرنجڕاکیش نرخی ئەو نەوتەیە کە بە بازاڕەکانی نیوخۆ و پاڵاوگەکان دەفرۆشرێت کە بەپێی بڵاوکراوەی کۆمپانیاکان لەنێوان 30 -45 دۆلار، بۆ نموونە بەپێی بڵاوکراوەی ئیچ کەی ئین، لە چارەکی دووەمی 2023 یاخود سێ مانگی 4،5 و 6 دا تیکڕای نرخی فرۆشتنی بەرمیلێک بە 41.47 دۆلار بووە، لەکاتێکدا لەو ماوەیەدا تێکڕای نرخی نەوتی هەناردەکراوی عێراق 73.76 دۆلار بووە بۆ هەر بەرمیلیک و تێکڕای نرخی برێنت 78.31 دۆلار بووە بۆ هەر بەرمیلێک.

وێنە 1 : بلۆکی نەوتی، بۆری نەوتی و کێڵگە نەوتییەکان، کێڵگەی گازی و بۆری گاز، پاڵاوگە و ویستگەی بەرهەمهێنانی کارەبا لە هەرێمی کوردستان.




سەرچاوە: میس، 25ی تەمموز 2023، وەرگێڕانی بۆ کوردی ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو

بەپێی داتا کۆکراوەکان کێڵگەی خورمەڵە بەمدواییە زۆرترین ئاستی بەرهەمهێنانی دەستپێکردووەتەوە کە 85 هەزار بەرمیل نەوتە لە ڕۆژێکدا، بەدوایدا کۆمپانیای دی ئین ئۆ دێت کە 40 هەزار بەرمیل نەوتی ڕۆژانەیە وەکو لە خشتەی 2 دا هاتووە.  هەروەها، کەمترین ئاستی بەرهەمهێنان لە کێڵگەی نەوتی هەولێرە کە ڕۆژانە 607 بەرمیل نەوتە.

بەپێی لێدوانی بەرپرسانی هەرێمی کوردستان بێت، ئێستا ڕۆژانە هەرێمی کوردستان 85 هەزار بەرمیل نەوت ڕادەستی بەغداد دەکات، واتە لەکۆی ئەو 220 هەزارەی ئێستا بەرهەمدێت، 134 هەزار بەرمیل نەوت دەمێنێتەوە، کە بەپێی ڕاگەیاندراوی ئێچ کەی ئین، گەڵف کیستۆن و دی ئین ئۆ لەنێو بازاڕی نیوخۆدا دەفرۆشرێنەوە.

لەڕاستیدا، دیوێکی دیکەی ئەم زیادبوونەی بەرهەمهێنانی نێوخۆیی  پەیوەستە بە بەرهەمهێنان بۆ پاڵاوگە نێوخۆییەکان کە توانای پاڵاوتنی ڕۆژانەیان دەگاتە نزیکەی 335 هەزار بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا، بەمدواییەش پاڵاوگەی دوکان بۆماوەی نزیکەی دوو ساڵ لە وەستابوو، لە سەرەتای مانگی حوزەیرانەوە کارمەندەکانی بانگ کردەوە بۆ کارکردن، کە توانای پاڵاوتنی ڕۆژانەی 20 هەزار بەرمیل نەوتی هەیە و ئێستا ڕۆژانە بەتێکڕا نزیکەی 12 هەزار بەرمیل نەوت دەپاڵیوێت.

خشتەی 2: تێکڕای ڕۆژانەی  ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لە کێڵگە نەوتییەکان هەرێمی کوردستان

| | کێڵگە و بلۆکی نەوتی | کۆمپانیاکان | پشکی کۆمپانیاکان | تێکڕای بەرهەمهێنان / بەرمیل ـ ڕۆژانە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | تاوکێ و پێشخابوور | دی ئین ئۆ DNO | 75% | *000،40 | کێڵگەی نەوتی تاوکێ و پێشخابوور دوو کێڵگەی نەوتی جیایە، کە دی ئین ئۆ بەڕێوەدەبات، تەنیا لە کێڵگەی تاوکێ بەرهەمهێنان نەوت دەستپێکردووەتەوە، |
| | | گەنەل ئینەرجی GEI | 25% | | |
| 2 | بەعشیقە | دی ئین ئۆ DNO | 64% | - | |
| | | کۆمپانیای وزەی تورکی TEC | 16% | | |
| | | حکومەتی هەرێمی کوردستان KRG | 20% | | |
| 3 | سەرسەنگ | ئێچ کەی ئێن HKN | 62% | 000،30 | **کۆمپانیای ئێچ کەی ئێن لە بلۆکی سەرسەنگ لە هەردوو کێڵگەی سوارە توکە و ڕۆژهەڵاتی سوارە توکە لە نزیک کێڵگەی ئەتروش بەرهەمهێنان نەوت بۆ نێوخۆ بەرهەمدەهێنێت |
| | | حکومەتی هەرێمی کوردستان KRG | 20% | | |
| | | شاماران پیترۆلیوم SPC | 18% | | |
| 4 | ئەتروش | شاماران پیترۆلیوم SPC | 27.60% | - | |
| | | تاقە TAQA | 47% | | |
| | | حکومەتی هەرێمی کوردستان KRG | 25% | | |
| 5 | شێخان | گەڵف کیستۆن GKP | 80% | 28,800 | بەپێی ڕاگەیاندراوی کۆمپانیاکە تاوەکو 25ی ئەیلوول 2023 ئەم بڕە ڕۆژانە لەنێوخۆدا فرۆشراوە |
| | | مۆل MOL | 20% | | |
| 6 | سەرتا | گەنەل ئینەرجی GEI | 30% | - | |
| | | شێفرۆن Chevron | 50% | | |
| | | حکومەتی هەرێمی کوردستان KRG | 20% | | |
| 7 | تەقتەق | گەنەل ئینەرجی GEI | 55% | 000،3 | |
| | | ئەداکس پیترۆلیوم Addax petroleum | 45% | | |
| 8 | گەرمیان (سەرقەڵا و حەمیرە) | گازپرۆم Gazprom | 40% | 000،14 | |
| | | ویسترن زاگرۆس | 40% | | |
| | | حکومەتی هەرێمی کوردستان KRG | 20% | | |
| 9 | خورمەڵە | کار گرووپ KAR GROUP | 100% | 85,000 | ئاستی بەرهەمهێنانی ڕۆژانەیە کە بۆ پاڵاوگە نێوخۆییەکان هەناردە دەکات |
| 10 | قەرەداغ | گەنەل ئینەرجی GEI | %40 | - | |
| | | شێفرۆن Chevron | %40 | | |
| | | حکومەتی هەرێمی کوردستان KRG | %20 | | |
| 11 | ئاکری بیجیل | ڕۆزنەفت Rosneft | %80 | 500،3 | لەلایەن کۆمپانیای ڕۆزنەفت بەڕێوەدەبرێت و هیچ بڵاوکراوەیەکی لەسەر ڕاگرتنی کارەکانیان نەبووە لەدوای 25ی ئادار 2023وە، پێش ئەوە ڕۆژانە ئەم بڕەی بەرهەمهێناوە. |
| | | حکومەتی هەرێمی کوردستان KRG | %20 | | |
| 12 | هەولێر | فۆرزە پیترۆلیوم forza | 65% | 605 | **بەپێی دوایین ڕاگەیاندراوی ڕاپۆرتی دارایی کۆمپانیای فۆرزە لە 25ی تەمموز 2023دا ڕۆژانە بەتێکڕا 605 بەرمیل نەوت بەرهەمهێنەوە بۆ بازاڕەکانی نێوخۆ. |
| | | حکومەتی هەرێمی کوردستان KRG | 35% | | |
| 13 | عەین سفینی | هەنت ئۆیل Hunt Oil | 80% | - | |
| | | حکومەتی هەرێمی کوردستان KRG | 20% | | |
| 14 | کۆرمۆر | دانەگاز Dana Gas | 35% | 500،14 | لەسەر بنەمای پێش ڕاگرتنی هەناردەکردنی نەوت لەڕێگەی بۆرییەوە، بەپێی بڵاوکراوەکانی کۆمپانیای دانەگاز، لەدوای ڕاگرتنی هەناردەکردن بە بۆری هیچ ڕاگرتن بەرهەمهێنانیان نەبووە و بگرە ڕێژەی 6% ئاستی بەرهەمهێنان زیادکردووە |
| | | کریسێنت پیترۆلیوم Crescent Petroleum | 35% | | |
| | | ئۆ ئێم ڤی OMV | 10% | | |
| | | ئێم ئۆ ئێل MOL | 10% | | |
| | | ئاڕ دەبلیو ئی RWE | 10% | | |
| | کۆی گشتی | | | 218،605 | هەزار بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا |

سەرچاوە: بڵاوکراوەکانی کۆمپانیا نەوتییەکان لە چارەکی سێیەمی 2023دا.

تێبینی، لەوانەیە تێکڕای ڕۆژانە بۆ هەندێک لە کێڵگە نەوتییەکان گۆڕانکاری بەسەردابێت بەهۆی بەرهەمهێنان نەوت بۆ نێوخۆ و پاڵاوگە نێوخۆییەکان، کە ئەویش زیاتر یاخود کەمتر بێت لەو ژمارەیەی لێرەدا هاتووە.

*بەپێی زانیارییە کۆکراوەکان ئێستا ئاستی بەرهەمهێنان لەلایەن کۆمپانیای دی ئین ئۆ بەرزبووەتەوە بۆ 60 هەزار لە ڕۆژێکدا، لەو کێڵگانەی بەڕێوەدەبات، بەڵام بەپێی دوایین بڵاوکراوەی کۆمپانیاکە لە 17ی ئاب 2023دا ئاماژە بە بەرهەمهێنانی 40 هەزار ڕۆژانە دەکات.

**بەپێی زانیارییە کۆکراوەکان لە بلۆکی نەوتی هەولێر 9 هەزار و 500 بەرمیل ڕۆژانە بەرهەمدەهێنرێت لەم ڕۆژانەدا.

## کۆتایی

لەوانەیە لە نێوەڕاستی ئەم مانگە یاخود کۆتاییەکانیدا، ئەو کۆمپانیایانەی کە بەرهەمهێنانیان پەیوەستە بە هەناردەکردنەوەی نەوت لەڕێگەی بۆری جەیهانەوە دەستبکەنەوە بە کارکردن، ئەویش دوای دەرکەوتنی ئاماژەکان بۆ هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان و کەرکوک بۆ بەندەری جەیهان، ئەگەر پێشهاتی نوێ لە دانوستاندنەکان نەیەتە ئاراوە، چونکە ئێستا عێراق و تورکیا سەنگەری دادگایان لە یەک گرتووە بۆ قەرەبووکردنەوە، ئەویش لە بڕیارەکەی دادگای پاریسەوە دێت کە قەرەبووی مادی بۆ هەردوو لایەن داناوە و ئاماژەی بەوەکردووە کە سوو دەچێتە سەر قەرەبووەکە، ئێستا تورکیا بەشێوازێک و عێراقیش بەشێوازێک لێکدانەوەی بۆ دەکات.

لەڕاستیدا هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان و ئاگادار کردنەوەی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان لە هەرێمی کوردستان بۆ بەرهەمهێنان و هەناردەکردنەوەی لەڕێگەی بۆرییەوە پەیوەستە بە دوو خاڵی سەرەکییەوە، یەکەمیان ئەوەیە کە بەغدا ناتوانێت مانگانە ئەو 1.3 تریلۆن دینارەی لە بودجەدا دانراوە بنیرێت بۆ هەرێمی کوردستان، بەبێ بەشداریی هەرێمی کوردستان لە دابینکردنی ئەو بڕەی وەک بەشداریی لە کۆی داهاتی عێراق هاتووە. دووەمیان پەیوەستە بەشێوازی کارکردنی کۆمپانیا نەوتییەکانەوە، چونکە ئێستا خەریکن رازی دەبن بەوشێوازەی ئێستا بۆ نێوخۆ بەرهەمهێنان بکەن نەک بۆ هەناردەکردنەوی بۆ بازاڕەکانی جیهان، چونکە عێراق شەش دۆلاری داناوە وەک حەقدەستی بەرهەمهێنانی هەر بەرمیلێک نەوت، لەکاتێکدا ئێستا هەر چۆنێک بێت دوو هێندە و زیاتری ئەو بڕەیان بۆ دەمینێتەوە لە بەرهەمهێنانی هەر بەرمیلێک نەوت دا.

لەکۆتاییدا، هەناردەکردنەوەی نەوت لە بەرژەوەندی عێراق و تورکیایە لەپێش بەرژەوەندی هەرێمی کوردستان، چونکە تورکیا رۆژ بە رۆژ زیانەکانی زیاتر دەکات و بەپێی رێککەوتنەکەش ناتوانێت چیدیکە بەهۆی هۆکاری تەکنیکییەوە دوای بخات، هەروەها پابەندی و گوشارەکانیش لەسەر عێراق بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان زیاتر دەکات.